مەندەلاوی و شێخ خەزەڵی جەخت لەسەر پێویستی پەسەندکردنی یاسای گرنگەکان دەکەنەوە

ئەمڕۆ یەکشەممە موحسین مەندەلاوی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بە وەکالەت و شێخ قەیس خەزەڵی ئەمینداری گشتی عەسائیب ئەهلی حەق، جەختیان لەسەر پێویستی پەسەندکردنی یاسای گرنگ و تەواوکردنی شایستە نیشتمانییەکان کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بەوەکالەت لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە:-

مەندەلاوی لەگەڵ ئەمینداری گشتی عەسائیب ئەهلی حەق، شێخ قەیس خەزەڵی کەبووەوە بە ئاماژەدان بەوەی لە میانی کەبوونەوەکەدا باس لە هەلومەرجی گشتی و پێشهاتەکانی گۆڕەپانی سیاسی وڵات و ناوچەکە کرا، بەتایبەتی وەڵامدانەوەی ئەران و کاردانەوەکانی لەسەر ئایندەی قەوارەی داگیرکەر و جەختکردنەوە لەسەر پشتیوانیکردن لە مافی عەرەب و گەلانی ئیسلامی بە بەرگریکردن لە خێیان لە بەرامبەر قەوارەی داگیرکەر، هەروەها بەردەوامبوون لە پاڵپشتی پێویست بە خەڵکی فەلەستین تا دەگەنە مافە ڕەواکانی تەواو و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خێیان بە قودسی پیرۆز وەك پایتەختی فەلەستین.

ئاماژەی بەوەشکرد : پێویستی هەنگاونان بەرەو پەسەندکردنی یاسا گرنگەکان بەتایبەت ئەوانەی کە باس لە پەداویستییەکانی هاوڵاتیان دەکەن،خەراکردن بە تەواوکردنی شایستە نیشتیمانییەکان جەختی لەکرایەوە، هەروەها هاوکاریکردن لەگەڵ حکومەت بە جێبەجێکردنی بەرنامەی خزمەتگوزارییەکەی و

کارکردن بۆ خزمەتکردنی خەڵك و گەیشتن بە ئاواتەکانیان.